کورتە چیرۆک

# بەرداشی غەمەکانی رابردوو

عومەر کەریم بەرزنجی

لەگەڵ نۆشینی هەر پێکێکدا, دوو چاوی شین نیگایەکی خەماوییان دەکردیت, نیگایەك چرچ و لۆچی ناوچاوانتی دەخوێندەوە...لەریشی ماش و برنجیت رادەما لەنێو ئازاری برینێکی قوڵدا گینگڵت دەدا... تەمی گومانێك دنیای لێتەنی بوویت, لە بوونی خۆت بەگومان بوویت, زۆرجار دەچوویتە بەر ئاوێنەی ژوورە چۆڵەکەت و لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەتڕوانییە روخساری ئەو وێنەیەی لەسەر رووکاری ئاوێنەکە خۆی نمایش دەکرد.

وێنەی پیاوێکی بەزیوت دەهاتە پێش چاو, پیاوێك بەدۆڕاوی لەگەرمەی جەنگێکدا هەڵهاتبێ و وجودی خۆی دۆڕاندبێت... جەنگی شتە ناشیرینەکان, جەنگی دێوەزمەی خەونە جوانەکان... کوندە بەبووی وێرانەخواز.

بەتوندی بۆکسێکت کێشا بە ئاوێنەکەدا, ئاوێنەکە هاڕەی کردوو شکا, وێنەی پیاوە ناشیرینەکەی ناخت گوم بوو... شووشەی ئاوێنە شکاوەکە دەستی راستی بریندار کرد, هەستی بە ئازارێکی جەرگبڕ دەکرد, دەستی لە خوێندا سوور هەڵگەڕا, چەرچەفی سەر سیسەمەکەی لە دەستێوە پێچا, چەند تلۆپە خوێنێك رژایە سەر سیسەمەکە, خوێنی کچێنییەکەی کەژاڵی هاتەوە یاد... چاوی بە ژورەکەدا گێڕا نیگای لەسەر وێنەکەی کەژێ گیرسایەوە, کە لە بەرانبەریدا هەڵواسرابوو.

چرپە سۆزاوییەکەی هاتەوەیاد لەیەکەمین ژوواندا بەرلە ماڵئاوایی پێی گوتیت "ئێمە لەنێو وەهمی خەونە جوانەکاندایین... وێنەی ئایندەیەکی گەش و جوان دەکێشین بێئەوەی خوێندنەوەیەکی وردمان هەبێت بۆ ئایندە, بێئەوەی کۆسپەکانی بەردەممان ببینین, وێنەی کۆشکی بەختەوەری دەکێشین" بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە "بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگین کە دەبنە رێگر لەبەردەم بەدیهێنانی خەونە جوانەکا نماندا".

جگەرەیەکی داگیرساند, بەدەم خەیاڵ و بیرکردنەوەوە نەفەسی لێدەدا, گەڕایەوە سەر مێزی خواردنەوەکە, بەدەم قوڵپی گریانەوە دوکەڵی بەبا دەدا, بۆنێکی ناخۆش هەراسانی کرد, هەستی کرد بۆنی غازە, جگەرەکەی دەستی کوژاندەوەو بەرەو ژووری چێشتخانەکە چوو, لەگەڵ پێی نایە ناو دەرگای ژوورەکە موچڕکێك بەگیانیا هات, بۆن کرۆزێك دڵ و مێشکی داگیرکرد, وای هەست دەکرد چاوەکانی بەسەر روومەتیدا شۆڕبۆتەوە, وێنەکانی ڕابردوو زاکیرەی داگیر کرد"نیوەڕۆیەکی هاوین بوو من و زیلان لە میوا نخانەکەدا دانیشتبووین کەژاڵیش لە ژووری چێشتخانەکەدا خەریکی ئامادە کردنی خوانی نیوەڕۆ بوو... دەنگی تەقینەوەیەك شیرازەی بیرکردنەوەمانی پچڕاند, هەردووکمان بە پڕتاو بەرەو چێشتخانەکە رامان کرد... پڕبە گەرووم هاوارم کرد کەژاڵ... کەژااااڵ...ك..ك..ك..کەژاڵ, کەژێ ێ ێ, ژورەکە هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو, کەژاڵ لاشەیەکی بێ گیان بوو لە ژوورەکەدا کەوتبوو" دەنگی دەرگای دەرەوە فیلمی بیرەوەرییە کانتی پچڕاند, بەرەو دەرگاکە رۆیشتیت لە رارەوەکەدا ئەو تابلۆیەت هاتە پێش چاو لەبەر خۆتەوە کەوتیتە دووان:"ببورە کەژێ, ئێمەی سیزیف.. دەبێت هەمیشە بەردی کارەساتەکان بەسەر شا نمانەوە بێت..شکست, هەرەس, تێکشکان.. پانتاییەکی گەورەیان لە مێژووی ئێمەدا داگیر کردووە, سەرابێکی چەن جوانی ژیان قەدەرێکی چەن سەیری مەرگ".

لەگەڵ نۆشینی هەر پێکێکدا, هەست بەنغرۆ بوونێکی نوێ دەکەیت سەرت قورس دەبێت, چاوەکانت سوور هەڵدەگەڕێت, لەنێوان بەرداشی غەمەکانی رابردودا, هەست بە تێك شکان و وردوو خاش بوونی خۆت دەکەیت.